NED

National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development



# پێشێلکاریی یاسایی و پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان

## راپۆرتی چوارەم

خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی دووەم
(1 ی ئەیلولی 2015 تا 12 ی تشرینی یەکەمی 2015)

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان
**PAY**

ڕێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی
**NED**

# پێشێلکاریی یاسایی و پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان

## ڕاپۆرتی چوارەم

**خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی دووەم**

**(١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ١٢ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥)**

**★-ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان PAY ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە**

**★- پڕۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پڕۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی بە ئیشەکانی کردووە. ئێستاش بە هاوکاری ڕێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی(NED) ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ دەکات.**

# ناوەرۆك

**پێشەكی**
**كاری یاسادانان لە پەرلەمانی كوردستاندا**
**خشتەی ژمارە ( ١ ) ئاستی كاری لیژنەكان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان كراوە**
**خشتەی ژمارە ( ٢ ) ئامادە بوونی ئەندامان لە كۆبوونەوەكانی لیژنەكانی پەرلەمان خولی پایزەی ٢٠١٥**
**خشتەی ژمارە ( ٣ ) بانگهێشت و میوانداری و لێپرسینەوەی وەزیرەكان لە لایەن پەرلەمانەوە**
**خشتەی ژمارە ( ٤ ) ئامادە بوونی ئەندامان لە كۆبوونەوەكانی خولی پایزەی سالی ٢٠١٥ی پەرلەمان**
**خشتەی ژمارە ( ٥ ) ئامادە بوونی ئەندامان لە كۆبوونەوەكانی پەرلەمان بە پێی فراكسیۆنەكان خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٥**
**خشتەی ژمارە ( ٦ ) ژمارەی كاتژمێرەكانی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان خولی پایزەی ٢٠١٥**
**خشتەی ژمارە ( ٧ ) ژمارەی ئەو برگانەی بەرنامەی كار كە جێبەجێكراون خولی پایزەی سالی ٢٠١٥ی پەرلەمان**
**خشتەی ژمارە ( ٨ ) پوختەی كاری پەرلەمان لە ماوەی یەك مانگ و دوازدە رۆژدا خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان**
**تێبینییەكان لەسەر دوو مانگی كاری خولی پایزەی پەرلەمان سالی ٢٠١٥**
**پێشێلكارییە یاساییەكان دەرهەق بە پەرلەمان**
**ئە نجام**
**پێشنیار و راسپاردەكان**

# پێشەکی

پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا بە قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت، قەیرانگەلێك بەرۆکی گرتووە و رووبەڕووی مەترسی گەورە بووەتەوە، لەلایەك مەترسی دەرەکی و شەڕی گروپی تیرۆریستیی داعش، لەلایەکی ترەوە گرژی و تێکچونی پەیوەندییەکانی لەگەل بەغدا و بڕینی بودجەی هەرێم و دروستبوونی قەیرانی دارایی و بێ موچەیی، سەرباری ئەمانە قەیرانی سیاسیی نێوان هێزو پارتە سیاسیە کوردستانیەکان، کە ئەنجامەکەی قەیرانی یاساییشی بەدوای خۆیدا هێنا، هەر لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمەوە کە ئێستا لە رووی یاساییەوە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم ماوەکەی بەسەرچووە و بۆشایی یاسایی دروستبووە، تا دەگات بە پەکخستنی رۆڵی پەرلەمان و رێگری کردن لە سەرۆکی پەرلەمان کە دەوامی ئاسایی خۆی بکات و بە ئەرکەکانی هەلسێت، دووا هەنگاویش رێگری و لادانی چوار وەزیر لە ئەنجومەنی وەزیران و پڕکردنەوەی شوێنەکانیان.

ئەم راپۆرتە سەبارەت بە ئەداو کار و پێگەی پەرلەمانی کوردستانە لە ماوەی دوو مانگدا، ئێمە وەك ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان PAY، کە یەکێ لە کارەکانمان چاودێری کردنی ئەدای کاری دام و دەزگا گشتیەکانە، لە چوارچێوەی ئەم کارەی دا یەکێ لەو دەزگایانەی کە چاودێری دەکات پەرلەمانی کوردستانە. هەر لە دووای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی بە ئەنجامدانی ئەم کارەی کردووە، راپۆرتی یەکەممان لەسەر ئەرکی خۆمان و راپۆرتەکانی دووەم و سێیەم بە هاوکاری (یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان) و ئەمەی بەردەستیشتان کە راپۆرتی چوارەمە بە هاوکاری رێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی(NED) ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکات.

مەبەستی ئێمە چاودێری کارەکانی پەرلەمانە و خوازیارین ئەم دەزگا نیشتمانییە بە ئەرك و کاری خۆی هەلسێت و لەئاست متمانەی کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بێت و رۆڵی سەرەکی و کارا ببینێت لە چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکاندا، رێگە لە پێشێلکارییەکانی بگیرێت و رێگەش نەدرێت هیچی تر لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە رێگریی لێبکرێت و پەکی بخرێت، چونکە بوونی پەرلەمانێکی بەهێز، کە یاسای گونجاو دەربکات و چاودێرێکی وردی دەسەلاتی جێبەجێکردن بێت، هۆکاری سەرەکی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەلگەو بەدامەزراوەیی کردنی دەبێت. پێمانوایە چاودێری کردنی ئێمەو رێکخراوەکانی تری کۆمەلگەی مەدەنی، پالپشتێکی بەهێزی سەرکەوتنی پەرلەمان دەبێت.

د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر
ئەنستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان
٢٠١٥/١١/١

## کاری یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستاندا

پەرلەمانی کوردستان دووای ئەوەی لە کۆبوونەوەی ٢٣ی حوزەیران و دواتریش لە کۆبوونەوەی ١٩ی ئابدا، بەهۆی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمەوە رووبەڕووی قەیران و تەنگژە بووەوە هەوڵی پەراوێز خستنی درا، ئەوەبوو دووای تەواو بوونی پشوو (مانگەکانی تەموز و ئاب)، لە ٢٠١٥/٩/٢ یەکەم دانیشتنی دەستپێکی خولی تازەی گرێدا، لەم دانیشتنە بەدوواوە لە بواری یاساداناندا پەرلەمان پرۆژەی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی خستە بەرنامەی کارەوە، دووای ئەوەی پێنج دانیشتن ئەنجامدرا کە دواهەمینیان دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی بوو و لە ٢٠١٥/١٠/٧ بەسترا، دواتر بڕیار بوو دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاساییی لە ڕۆژی دووشەمە ١٢/١٠/٢٠١٥ ببەسترێت، بەلام کۆبوونەوەکە دواخراو ئەنجامنەدرا، تا ئەو کاتە گفتوگۆی پەیڕەوی ناوخۆ کراو لەکۆی (١٤٩) مادەی پرۆژەکە نزیکەی (٣٠) مادەی گفتوگۆ و پەسەند کرا، بەلام لێرە بەدوواوە پرۆسەی یاسادانان پەکی خراو تا ئێستا هیچ کۆبوونەوەیەك نەکراوەو هیچ یاساو بڕیارێکیش پەسەند نەکردووە.

شایانی باسە لە سەرەتای دەستبەکار بوونیەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا (١٥٥) پرۆژە یاساو بڕیار خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، لەوانە (١٨) یاسا و (٧) بڕیار بەسەند کراون.

## هەڵسەنگاندنێکی ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمان دەری کردوون

### یاساکان:

١. یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو. (١)

٢. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. (٢)

٣. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی. (٣)

٤. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. (٤)

---

(١)–ئەم یاسایە تەنها یەك مادەی هەموارەو بۆ خولی داهاتوو، یاخود بۆ کابینەی داهاتووی حکومەتە و لەم کابینەیەدا جێبەجێ نەکرا.

(٢)–ئەم یاسایە هەمان یاسای پێشترە و تەنها درێژکراوەتەوە بۆ دوو ساڵی تر.

(٣)–هەرچەندە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان پێکهێنراوە بەناو، بەلام نەیتوانیوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، پێداویستیەکانی بۆ دابین نەکراوەو بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکانی بۆ دانەمەزرێنراوە، بەڕێوەبەرایەتیی شارەکانی پێك نەهێناوە. واتە تا ئێستا یاساکە شوێنی خۆی نەگرتووەو جێبەجێ نەکراوە.

٥.  هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان. [٥]

٦.  یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤– یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. [٦]

٧.  یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤– یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکیی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١. [٧]

٨.  یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو. [٨]

٩.  یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. [٩]

---

(٤)–دەرکردنی ئەم یاسایە کارێکی باشە بۆ ئەوەی بودجەی کوردستان لەدەست ئەو بەهەدەردانە زۆرەی حزبەکان دەربازی بێت، بەلام لەکاتێکدا دەرکراوە کە هەرێم ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی بۆتەوەو جێبەجێ ناکرێت لەمەیدانی پراکتیکدا، بەلام بەپێی یاساکە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، واتە بەپێی ئەم یاسایە حکومەت قەرزاری حزبەکان دەبێت. بەپێی مادەی (٧)ی یاسای ژمارە (٥)ی سالی ٢٠١٤ ی پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان–عیراق، هاتووە:"ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێدەکرێت". یاساکە لە وەقایعدا بلاو کراوەتەوە، واتە لەو کاتەوە یاساکە بەرکارەو حکومەت قەرزاری حزبەکانە.

(٥)–ئەم یاسایە دووای مانگێك و (٩) ڕۆژ لە دەرچوونیەوە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕەت کرایەوە، دوای (دوو مانگ و چوار ڕۆژ) لە ڕەتکردنەوەی، لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە ٢٠١٤/١٠/٢٢ سەرۆکایەتی خستیەوە بەرنامەی کار و دوای خست بۆ سەرەتای خولی گرێدانی ئایندە. بە بڕیاری ژمارە (٦)ی سالی ٢٠١٤ی سەرۆکی هەرێم کە لە ٢٠١٤/٨/١٨ دەرچووە، و بە نوسراوی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (د.٤٩٧) لە ٢٠١٤/٨/٢٤ بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ناردراوە، ئەم یاسایە ڕەد کراوەتەوە. بڕیار بوو لە خولی بەهارەی ٢٠١٥ بخرێتەوە بەرنامەی کار و پەسەند بکرێتەوە، بەلام نەکرا.

(٦)–یاسای زمانە فەرمیەکان لەئەنجامی نەشارەزایی ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەری حکومەتەوە لە کرۆکی بابەتەکە، لەکاتی پەسەندکردندا بەکەموکوڕییەوە تێپەڕێنرا، ئێستا کە ماوەی ساڵێکە یاساکەش دەرچووە بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە هیچ لایەن و دەزگایەك بەرپرس نەکراوە لە جێبەجێکردن و بەدواداچوونی.

(٧)– ئەم یاسایە سەرەتا کاری نایاسایی لە خوێندنەوەی یەکەمیدا بوو، ئەو خوێندنەوەیەی لە دانیشتنی دانیشتنی ژمارە (٢)ی ڕۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ بۆی کرا لەلایەن خودی دەستەی دەستپاکیەوە نێردرا بوو، ئەمەش کارێکی نایاسایی بوو چونکە دەستە بۆی نیە پرۆژە یاسا ئاراستەی پەرلەمان بکات. هەر بۆیە جارێکیتر لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ بۆ دووەم جار خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەمان پرۆژە کرایەوە کە ئەمجارەیان بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکرابوو، یاساکە پەسەند کراو ناڕەزایی لێکەوتەوە، بۆیە سەرۆکی هەرێم ڕەتی کردەوەو دواتر لە پەرلەمان دووبارە پەسەندکرایەوە.

(٨)– ئەم یاسایە تەنها زیادکردنی پۆستی وەزیرێکی هەرێم (وەزیری بێ وەزارەت) بوو بۆ سەر ستافی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕازیکردنی لایەنێکی سیاسی کە پرۆژەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردرابوو.

(٩)– ئەم یاسایە لەکاتی گفتوگۆکردنی بەمەبەستی پەسەندکردن لەلایەن پەرلەمانەوە، دەبوایە وەزیری خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی ئامادەی گفتوگۆکە بێت، بەلام بەڕێزیان سەرباری ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە ئاگاداریش کرابوونەوە،

١٠. یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[١٠]

١١. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان.[١١]

١٢. یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان.[١٢]

١٣. یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان–عێراق.[١٣]

١٤. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای پاراستنی ماف پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[١٤]

١٥. یاسای ژمارە (٦)ی سالی ٢٠١٥ هەمواری دووەمی یاسای جێبەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[١٥]

١٦. یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٥ی یاسای راکێشانی مایە لەرێگای قەرزکردن لەهەرێمی کوردستان–عێراق.[١٦]

---

پێشێلی یاسایانکرد و ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون، بەپێی بەدواداچوونمان بەڕێزیان لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەچۆتە پەرلەمان، سەرباری ئەوەی ئەم یاسایە پەسەندکراوە بەلام تا ئێستاش نە رێنمایی بۆ دەرچووەو و نەچۆتە بواری جێبەجێکردنیشەوە.

(١٠)– ئەم یاسایە دەرچووە بەلام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت وەك پێویست نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو دامەزراوەکانی ئەم ئیدارەیە پێکنەهێنراون و ئەندامانی ئەنجومەنیش دەستنیشان نەکراون.

(١١)– ئەم یاسایە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، سێ مانگ دانرابوو بۆ ئەوەی ئەندامەکانی دەستنیشان بکرێن، بەلام تا ئێستاش هەنگاو نەنراوەو دەستبەکار نەبوونە، رێنماییش بۆ یاساکە دەرنەچووە.

(١٢)– ئەم یاسا تا ئێستاش نە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

(١٣)– یاسایەکی تەوافوقییەو دەستی ئەندامانی لیژنەکەی بەستووە، لە یاساکەدا هاتووە کە لیژنەکە لە(٢١) ئەندام پێکدێت، بەلام تا ئێستاش تەنها (٢٠) ئەندام دەستبەکار بوونە. وادەی دانراو بەپێی یاساکە کۆتایی هات، بەلام ئیشەکانی لیژنە تەواو نەبووە. پێویست بوو لە پەرلەمان ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بەلام نەکراوە.

(١٤)– یەکێك لە یاسا باش و مەدەنیەکانە کە بواری پیادەکردنی مافەکانی هەریەك لە پێکهاتە ئایینی و ئیتنیەکانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات گەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

(١٥)– ئەم یاسایە تا ئێستاش نە رێنمایی بۆ دەرچووەو دادگا وەك پێویست جێبەجێی ناکات و نە چۆتە بواری جێبەجێکردنیشەوە.

(١٦)– ئەم یاسایە سەرباری ئەوەی نارەزایی زۆری لەسەر بوو، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی (٢٠١٥/٦/٢) پەسەندکرا، بەلام شێوازی پەسەندکردنەکەی نایاسایی بوو، چونکە لەکاتی گفتوگۆ و دەنگدانی بەشێکی زۆر لە مادەکانیدا نیصابی یاسایی ئەندامان لە هۆڵی کۆبوونەوەدا ئامادە نەبوون. دواتر بەهۆی یاداشت و بەدواداچوونی (ئەنستیتۆتی پەی) کە چاودێری رەوشی پەسەندکردنی یاساکەی دەکرد، داوامان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد پەسەندکردنی ئەم یاسایە پێویستی بە دووبارە گەڕانەوەیە بۆ هۆڵی پەرلەمان، چونکە پرۆسەی پەسەندکردنەکەی نایاسایی بووە. ئەوەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان دووبارە گێڕایەوە نێو هۆڵی پەرلەمان و لەدانیشتنی ژمارە (١٥)ی رۆژی (٢٠١٥/٦/١٦) دووبارە دەنگی لەسەر درایەوە.

١٧. یاسای ژمارە (٨)سالی ٢٠١٥ یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان–عیراق. [١٧]

١٨. یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان–عیراق. [١٨]

## بڕیارەکان:

١–بریاری ژمارە (١٦) بریاری راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ و بریاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

٢– بریاری ژمارە (١٨) بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش.

٣– بڕیاری ژمارە (١٩) بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە.

٤– بڕیاری ژمارە (٢٣) بڕیاری ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان ـ عێراق.

٥–بڕیاری ژمارە (٢٤) بڕیاری پاڵپشتی کردنی گەلی رۆژئاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆبەڕێوەبردن.

٦–بڕیاری ژمارە (٢٨) تایبەت بە ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری لە کۆبانێ.

٧–بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ بڕیاری پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە کوردستان ـ عێراق.

---

ئێستاشی لەگەڵدابێت یاساکە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەنجومەنی وەزیران بەفەرمی رایگەیاند کە پرۆسەی قەرزیان وەستاندووە.

(١٧)–ئەم یاسایە تەنها یەك مادەیە کە تیایدا راگرتنی یاساکەی لە جێبەجێکردن راگەیاندووە وبۆ ماوەی ساڵێك دوایخستووە.

(١٨) – تا ئێستا رێنمایی بۆ ئەم یاسایە دەرنەچووە و نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە

## ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەش بە پەرلەمان کراون و ئاستی کارکردن لەسەریان

تا ئێستا (٢٢٦) پرۆژە یاساو بڕیار پێشکەش بە پەرلەمان کراون، لەوانە (١٥٥) پرۆژە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی ئەندامان و لیژنە پەیوەندیدارەکان کراون، (٧١) پرۆژەش هێشتا خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە.

لە کۆی ئەو پرۆژانە تا ئێستا تەنها (١٨) یاسا و (٧) بڕیار پەسەند کراون و ئەوانەی تر وەك خۆیان ماونەتەوە.

**خشتەی ژمارە (١)**

**ئاستی کاری لیژنەکان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان کراوە لە سەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ٢٠١٥/١١/١**

| ژ | ناوی لیژنە | ژمارەی پرۆژە یاسا کە ئاراستەی لیژنە کراوە | ژمارەی ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | رێژەی پرۆژە یاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی. | ١٥٥ | ٤٠ | ٪٢٥.٨ |
| ٢ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری. | ٤٦ | ٩ | ٪١٩.٥ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش. | ٢١ | ٩ | ٪٤٢.٨ |
| ٤ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری. | ٧ | ٤ | ٪٥٧ |
| ٥ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت. | ٨ | - | ٪٠ |
| ٦ | لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا. | ٩ | ٢ | ٪٢٢.٢ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە. | ١٤ | ٥ | ٪٣٥.٧ |
| ٨ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان. | ١٦ | ١٦ | ٪١٠٠ |
| ٩ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە. | ٣ | ١ | ٪٣٣ |
| ١٠ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن. | ٧ | ٣ | ٪٤٢ |
| ١١ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی. | ٩ | ٨ | ٪٨٨ |
| ١٢ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید. | ٢١ | ٢ | ٪٩.٥ |
| ١٣ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤـ. | ١٩ | ٥ | ٪٢٦ |
| ١٤ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان. | ٩ | ٥ | ٪٥٥ |
| ١٥ | لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی. | ٥ | ٤ | ٪٨٠ |
| ١٦ | لیژنەی پاراستنی ماڧ بەکاربەر. | ٣ | ٠ | ٪٠ |
| ١٧ | لیژنەی وەرزش و لاوان. | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٨ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت). | ٢ | ١ | ٪٥٠ |
| ١٩ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی. | ٤ | ٢ | ٪٥٠ |
| -٢٠ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. | ٠ | ٠ | ٠ |
| -٢١ | لیژنەی کاروباری پەرلەمان. | ٢ | ١ | ٪٥٠ |
| -٢٢ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی. | ٢ | ٠ | ٪٠ |
| | **سەرجەم** | **٣٦٢** | **١١٧** | **٣٢.٣** |

**تێبینی**: لەماوەی ئەم دوو مانگەدا جگە لە لیژنەی کۆمەلایەتی کە راپۆرتی لەسەر پرۆژە ئاراستەکراوەکانی تەواو کردووە،[١٩] هیچ کام لە لیژنەکانی تر راپۆرتیان لەسەر پرۆژە یاساکان نەنوسیوە.

(١٩) –لینکی هەواڵی لیژنەکان سەبارەت بە چالاکی لیژنەکان لە ماڵپەری پەرلەمان:
http://www.perlemanikurdistan.com/Default.aspx?page=article&id=23004&l=3

## خشتەی ژمارە ( ٢ )

## ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان

## خولی دووەمی پایزە ٢٠١٥

| ژ | ناوی لیژنە | ژ.ئەندامانی لیژنە | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنە | ئامادە نەبوان بە مۆلەت و غیابەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی | ١١ | ٠ | ٠ |
| ٢ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان | ١٠ | ٤ | ٢ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | ١١ | ١ | ٢ |
| ٤ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان | ١٠ | ١ | ٥ |
| ٥ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت | ٧ | ٢ | ٣ |
| ٦ | لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ١١ | ٢ | ٠ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە | ٩ | ٣ | ٣ |
| ٨ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان | ١٠ | ٧ | ٩ |
| ٩ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | ٧ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | لیژنەی رۆشنبیریی و راگەیاندن و هونەر | ٦ | ١ | ٠ |
| ١١ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی | ٧ | ٢ | ١ |
| ١٢ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی | ١١ | ١ | ٣ |
| ١٣ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤـ | ١٠ | ٢ | ٨ |
| ١٤ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان | ١١ | ١ | ٦ |
| ١٥ | لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار | ١٠ | ١ | ١ |
| ١٦ | لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر | ٦ | ١ | ١ |
| ١٧ | لیژنەی وەرزش و لاوان | ٧ | ٠ | ٠ |
| ١٨ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت) | ١٠ | ٢ | ٤ |
| ١٩ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی | ٩ | ٢ | ٦ |
| ٢٠ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ٩ | ٠ | ٠ |
| ٢١ | لیژنەی کاروباری پەرلەمان | ٩ | ٠ | ٠ |
| ٢٢ | لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی | ١٠ | ٠ | ٠ |
| | **سەرجەم** | | ٣٣ | ٥٤ |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (٢):

١- لەماوەی دوو مانگدا لیژنەکانی پەرلەمان (٣٣) کۆبوونەوەیان کردووە، لە کۆی ئەو کۆبوونەوانەدا (٥٤) جار ئەندامان ئامادە نەبوون.

٢-لیژنەکان سستن لە ئەنجامدانی کارەکانیان.

٣-کۆبوونەوەکانیان بەپێی پێویست نیە، بەبەراورد لەگەڵ ئیشوکاری هاولاتیان و ئەو گرفتانەی هەن و ئەو پرۆژانەی رووبەڕوویان کراوەتەوە.

٤-رێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامان لەکۆبوونەوەکانی هەندێ لیژنەدا زۆر و بەرچاوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر کاری لیژنەکە هەیە.

٥-لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا لیژنەکانی (وەرزش و لاوان)، (یاسایی)، (ئاوەدانکردنەوە)، (ناوچە کوردستانییەکان)، (کاروباری پەرلەمان)، (پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی)، هیچ کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام نەداوە.

٦-لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا لیژنەکانی (ناوخۆ)، (کشتوکاڵ)، (رۆشنبیریی)، (پێشمەرگە)، (پیشەسازی)، (شارەوانی)، (بەکاربەر)، تەنها یەك کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە.

٧-لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا لیژنەکانی (مافەکانی ئافرەت)، (پەروەردە و خوێندنی)، (ئەوقاف)، (مافەکانی مرۆڤ)، (نەزاهەت)، (کۆمەڵگای مەدەنی)، دوو کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە.

٨-لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا لیژنەی (تەندروستی) سێ کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

٩-لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا لیژنەی (دارایی) چوار کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

١٠-لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا لیژنەی (کۆمەڵایەتی) حەوت کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

١١-پرۆسەی پەکخستنی پەرلەمان کاردانەوەی هەیە لەسەر پەکخستنی کاروباری لیژنەکان.

## خشتەی ژمارە ( ٣ )

## بانگهێشت و میوانداری و لێپرسینەوەی وەزیرەکان لە لایەن پەرلەمانەوە

| ژ | وەزیر | مێژووی داواکاری | مێژووی ئامادە بوون | لایەنی داواکار | هۆکاری بانگکردن | ئەو مادەیەی پەیڕەو کە پێی بانگکراوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | وەزیری دارایی | ٢٠١٥/٩/٨ | ئامادە نەبوو | ژمارەی ئەندامان | قەیرانی مووچە | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٢ | وەزیری سامانە سروشتیەکان | ٢٠١٥/٩/٨ | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار- سۆران عمر | کارگەی فیری زیپۆ | بە پێی ماددەی (٦٨ و ٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٣ | وەزیری سامانە سروشتیەکان | ٢٠١٥/٩/١٤ | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار- شێرکۆ جودت | پرساندن | بە پێی ماددەی (٦٨ و ٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٤ | وەزیری سامانە سروشتیەکان | ٢٠١٥/٩/٢١ | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار- عزت سابیر | پرساندن | بە پێی ماددەی (٦٨ و ٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە ( ٣ ):

وەزیری (دارایی) بەپێی بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە لەسەر پرسی موچە داواکرابوو لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبێت، بەلام وەزیری ناوبراو ئامادە نەبوو.

وەزیری (سامانە سروشتیەکان) بەمەبەستی لێپێچینەوە (استجواب) بەپێی ماددەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی پەرلەمان کراوە، بە سێ نوسراوی جیا لەسەر داوای پەرلەمانتاران (ژمارەی ئەندامان) و (عزەت سابیر) و (سۆران عومەر) بانگهێشت کرابوو، بەمەبەستی لێپێچینەوە. بەلام وەزیری ناوبراو ئامادە نەبوو.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان**

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | ئامادە نەبووان (غیاب) | مۆڵەت | بایکۆت | سەرجەم ئامادە نەبووان | بەشداربووانی کۆبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢ | ٤ | ٢٠ | | ٢٤ | ٨٧ |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/١٦- یەکەم | ٢ | ١٥ | | ١٧ | ٩٤ |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/١٦- دووەم | ٢ | ١٥ | | ١٧ | ٩٤ |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢٠ | ٣ | ١٥ | | ١٨ | ٩٣ |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/٩/٢١ | ٥ | ٢٢ | | ٢٧ | ٨٤ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٦- یەکەم | | ٤ | | ٤ | ١٠٧ |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٦- دووەم | | ٧ | | ٧ | ١٠٤ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/٧ | لیستی ناوی ئامادەبووانمان دەست نەکەوت | | | | |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٥/١٠/١٢ | دواخرا و کۆبوونەوەکە ئەنجام نەدرا | | | | |
| | سەرجەم | ١٦ | ٩٨ | | ١١٤ | ٦٦٣ |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (٤):

١-لەم خولەدا (٦) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامدراوە.

٢-کۆبوونەوە ئاساییەکان (٢)یان دوو دانیشتن بوونە، واتە بەیانی و ئێوارە.

٣- لە کۆی ئەو کۆبوونەوانەدا (١)کۆبوونەوە ناوی ئامادە بووان وەرنەگیراوە.

٤-واتە لە (٥) دانیشتندا تێکڕا (١١٤) جار ئەندامان بەشداری کۆبوونەوەیان نەکردووە، جا بەهۆی (غیاب)ەوە بوبێت یا مۆڵەت بووبن. ئەمەش دەکاتە ڕێژەی ئامادەنەبوونی تێکرای ئەندامانی پەرلەمان (١٤,٦٪)ە.

**خشتەی ژمارە ( ٥ )**

**ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە پێی فراکسیۆنەکان**

**خولی پایزە ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان**

| ژ | ناوی فراکسیۆن | ژ.ئەندامانی فراکسیۆن | ئامادە نەبون | مۆڵەت | سەرجەم بەشدار نەبووانی کۆبوونەوەکان | ڕێژەی ٪ ی لە تێکڕای ئامادەنەبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ | ٤ | ٣٤ | ٣٨ | |
| ٢ | لیستی گۆران | ٢٤ | ٢ | ١٤ | ١٦ | |
| ٣ | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٨ | | ١٨ | ١٨ | |
| ٤ | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ | ٦ | ١٤ | ٢٠ | |
| ٥ | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦ | ٠ | ١ | ١ | |
| ٦ | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ٧ | لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١ | ٠ | ٢ | ٢ | |
| ٨ | لیستی ئازادی | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ٩ | لیستی ئاراستەی سێیەم | ١ | ٠ | ٢ | ٢ | |
| ١٠ | لیستی رافیدەین | ٢ | ٠ | ٣ | ٣ | |
| ١١ | لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢ | ٠ | ٢ | ٢ | |
| ١٢ | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | ٢ | ١ | ٥ | ٦ | |
| ١٣ | لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | ٠ | ٤ | ٤ | |
| ١٤ | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ١٥ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ١٦ | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | ١ | ٠ | ١ | ١ | |
| ١٧ | لیستی ئەرمەن | ١ | ١ | ٠ | ١ | |
| | **سەرجەم** | **١١١** | **١٤** | **١٠٠** | **١١٤** | **٪١٠٠** |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (٥):

بەپێی ئەم خشتەیەی سەرەوە رێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامانی پەرلەمان(بە غیاب و مۆڵەتەوە) ریزبەندی فراکسیۆنەکان بەم جۆرە دەبێت لە زۆریی ژمارەی ئامادەنەبوونی ئەندامەکانیان:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

٣- یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٤- گۆڕان.

٥- پێشکەوتنی تورکمان.

٦- هەولێری تورکمانی.

٧- رافیدەین

٨- ئاراستەی سێیەم.

٩- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.

١٠-گردبوونەوەی کلدانی سریانی ئاشووری.

١١-کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.

١٢-ئەرمەن

١٣- ئەبناو ئەلنەهرەین.

١٤-ئازادی.

١٥-بەرەی تورکمانی

١٦- بزووتنەوەی ئیسلامی.

١٧- گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

**ژمارەی کاتژمێرەکانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خولی پایزەی ٢٠١٥**

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | سەعاتەکان |
|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٩/٢ | ٠٠:١٠ |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٦– یەکەم | ٠٢:١١ |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٩/١٦– دووەم | 1:55 |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٩/٢٠ | ٠٢:٠٩ |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٩/٢١ | ٠٢:٢٢ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/٦– یەکەم | ٠٠:٤٠ |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/٦– دووەم | ٠١:٤١ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/٧ | ٠٢:٢٣ |
| | **کۆی گشتی** | **١٣:٣١** |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە ( ٦ ):

١–پەرلەمان لەوماوەیەدا (٢٠١٥/٩/١ تا ٢٠١٥/١١/٧) کە (٦١) ڕۆژ دەکات، (٥) ڕۆژ کۆبوونەوەی ئەنجامداوە.

٢–لە (٥) دانیشتنی ئاسایی پەرلەماندا، (١٣:٣١) (سیانزە کاتژمێر و سی و یەك خولەك) کۆبۆتەوە. کە ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ کاری پەرلەمانی و گرفت و کێشەکانی هاولاتیان و قەیرانەکانی هەرێمدا ڕێژەیەکی کەمە.

٣–ئەمە یەکێك لە کەم و کوڕییەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە کە دەستنیشانی نەکردووە کە پەرلەمان هەفتانە دەبێت چەند ڕۆژ کۆببێتەوە. بۆیە پێویستە دەستکاری بکرێت.

**خشتەی ژمارە ( ٧ )**

**ژمارەی ئەو بڕگانەی بەرنامەی کار کە جێبەجێکراون خولی پاییزەی سالی ٢٠١٥ی پەرلەمان**

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | ژمارەی بڕگە | جێ بەجێ کراو | جێ بەجێ نەکراو | ڕێژەی بڕگەی جێ بەجێ کراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٩/٢ | ٢ | ٢ | – | ٪١٠٠ |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٦ | ١ | ١ | – | ٪١٠٠ |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٩/٢٠ | ١ | ١ | – | ٪١٠٠ |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/٩/٢١ | ١ | ١ | – | ٪١٠٠ |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/٦ | ١ | ١ | – | ٪١٠٠ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/٧ | ٢ | ١ | – | ٪٥٠ |
| | **کۆی گشتی** | ٨ | ٧ | ١ | ٪٨٧.٥ |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە ( ٧ ):

١–پەرلەمان لەم ماوەیەدا (٥) دانیشتنی ئەنجامداوە، لەکۆی دانیشتنەکاندا (٨) بڕگەی کاری لەبەرنامەی خۆیدا خستۆتە ڕوو، لەوانە (٧)بڕگەی جێبەجێکردووە لەکاتی خۆیدا و (١) بڕگەیشی دواخستووە و لەکاتی خۆیدا جێبەجێی نەکردوون.

واتە: کۆی بڕگەی بەرنامەی کار = ٨ (٪١٠٠)

کۆی بڕگەی جێبەجێکراو =٧ (٪٨٧.٥)

کۆی بڕگەی جێبەجێنەکراو =١ (٪١٢.٥)

## خشتەی ژمارە ( ٨ )

## پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی یەك مانگ و دوازدە رۆژدا

## خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمان

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٦ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٨ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/جێبەجێکراو | ٧ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ١ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ١٥٥ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٠ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٠ |
| ٨ | ژمارەی راگەیاندراوی پەرلەمان | ٣ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٢ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان بەلام ئامادە نەبوون | ٢ |
| ١٢ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٣ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٤ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٣٣ |
| ١٥ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە | ١١٧ |
| ١٦ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ٢٥٤ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٠ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلامدراوەتەوە | ٠ |
| ١٩ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلام نەدراوەتەوە | ٠ |
| ٢٠ | ژمارەی ئامادە نەبووانی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان | ١١٤ |

# پێشێلکارییە یاساییەکان دەرهەق بە پەرلەمان

دوای ئەوەی (یوسف محەممەد) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە ١٢-١٠-٢٠١٥ لە سلێمانییەوە بەڕێوەبوو بۆ ئەوەی بچێتە هەولێر، لە بازگەی پردێ رێگەی پێنەدراوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ئەو رێگریکردنە لە سەرۆکی پەرلەمان دوای ئەوە هات کە بە پێی بەیاننامەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژی یەکشەممە ١١-١٠-٢٠١٥ بڕیاریداوە بەوەی کە تیمی وەزاری و پەرلەمانتارانی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکی پەرلەمانیشەوە لە حکومەت و پەرلەمان نەماون و دەبێ هەولێر جێبهێڵن.

ئەمەش کارێکی نایاسایی بو ئەنجامدرا، چونکە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە دووەم پۆستی سیادی وڵاتە دوای سەرۆکی هەرێم، بەلام رێگەی پێنەدرێت بچێتە نێو پایتەخت.[٢٠]

هەمان رۆژ دووای گەڕانەوەی، لە نوسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی بەئامادەبوونی نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیی بەست.

لەم کۆنگرە رۆژنامەنوسیەدا سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: رێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتاران بۆ چوونە ناو شاری هەولێر جۆرێکە لە کودەتاکردن. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوەی روویدا گۆڕانکارییەکی خراپە لەپرۆسەی سیاسیداو کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبات، چونکە پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی لە خەڵکەوە وەرگرتووە تەنها خەڵکیش دەتوانێت شەرعیەتی لێوەرگرێتەوە، کوردستان شوێنی کارکردنی ئێمەیە بۆیە لە هەرشوێنێك بێت بەردەوامدەبین لە کارکردن.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وتیشی: بارودۆخی هەرێم بە پەکخستنی پەرلەمان چارەسەرناکرێت، کێشەی کەڵەکەبووی چەند مانگی رابردوو و قەیرانی دارایی و کۆتایهاتنی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ئێستاش لە هەرکاتێك زیاتر پێویستمان بە دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسییانە هەیە، بۆیە ئێمە ناچینە ژێر باری هیچ کودەتایەك کەبەسەر پەرلەمان و یاسادا بکرێت.

سەرۆکی پەرلەمان، وتیشی:" بەلارێدابردنی پرۆسەی سیاسی نابێتەهۆی چارەسەرکردنی قەیرانەکان، من داوا لە سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەم، هەرێمی کوردستان بەرەو دۆخێکی زۆر خراپتر و هەڵدێر دەڕوات، پێویستە هەموومان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی هەرێم بدەین."

---

(٢٠) – لەمبارەیەوە ئاری هەرسین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی، هۆکاری ڕێگریکردنی لە سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەمنیەتی ژیانی خۆی گەڕاندەوە و ڕایگەیاند: " ڕێگری کردن لە هاتنی یوسف محەممەد بۆ هەولێر بۆ ئەوەیە کە ئەمنیەتی بپارێزرێت، لە چەند رۆژی رابردوو ئەوەی بە هەڤاڵانی ئێمە لە سنووری پارێزگای سلێمانی کراوە بووەتە هۆی ئەوەی کەس و کاریان لێرە تووڕەن و داخ لەدڵن، گومانم هەیە لەوەی کە کەسانێك هەن بیانەوێ تۆڵەی شەخسی بکەنەوە چونکە ئەو بە بەرپرسیارێکی گرنگ دەزانن لەو رووداوانە".

هەر لەم بارەیەوە (فەخرەدین قادر) سکرتێری پەرلەمان رونکردنەوەیەکی بلاو کردەوەو ئیدانەی ئەم هەلوێستەی کرد کە بەرامبەر سەرۆکی پەرلەمان کراوە. [٢١]

هەمان رۆژ هەشت فراکسیۆنی پەرلەمان (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان، بەرەی تورکمانی، ئەبنا نەهرەین و فراکسیۆنی ئازادی) ئیدانەی رێگریی لە سەرۆکی پەرلەمانیان کردو بۆ ئەم مەبەستە بەیاننامەیەکیان بلاو کردەوە. [٢٢]

---

(٢١) – دەقی رونکردنەوەکەی سکرتێری پەرلەمان:

پەرلەمانی کوردستان بالآترین دەسەلآتی یاسادانان و شەرعییەتی یاسایی لەهاولآتیانەوە وەرگرتووە، بەهەمان شێوە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان شەرعییەتی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە وەرگرتووە، لەم سۆنگەیەوە هەرکارێکی نەخوازراو بەرامبەر بەپەرلەمان و سەرۆکایەتییەکەی بکرێت بێ ڕێزییە بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان. لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان دەناڵێنێت بەدەست ئەم هەموو قەیرانانەی کە لەدەرەنجامی ئەزموونی خراپی حوکمرانی دروست بووە، میللەتەکەمان چاوەڕوانی چارەسەرو بە ووریاییەوە مامەڵەکردن دەکات. زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ ١٢–١٠–٢٠١٥ لەبازگەی پردێ ڕێگری لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت کە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان. کە ئەمە پێشێلکردنی یاساو هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتییە ، بۆیە زۆر بەتوندی ئیدانەی ئەم کارە دەکەم و منیش دوای ئەوەی چوومە پەرلەمانی کوردستان و ئاگادارکرامەوە لەم کارە نەخوازراوە پەرلەمانم جێهێشت. هیوادارم پارتی دیموکراتی کوردستان چاو بەو هەڵوێستەی بخشێنێتەوە، چونکە بەدڵنیاییەوە نە خزمەت بەپارتی و نەخزمەت بەهاولآتیان دەگەیێنێت، بەڵکو لەسەر ئاستی نێوخۆو نێو دەوڵەتیشدا زۆر خراپ لەسەری دەکەوێت، بۆیە پێویستە لەم کاتەدا بەگیانێکی بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستای کوردستان بکرێت و پەرلەمان جێگای یەکلایی کردنەوەی ململانێکان بێت بەیاسا نەك بەبڕیاری حزبی هیوادارم کلتوری خراپی ڕۆژە رەشەکانی شەری ناوخۆ دووبارە نەکرێتەوەو گیانی پاوان خوازی و نادیدە گرتنی یەکتر بگۆڕدرێت بۆ خزمەت و دادپەروەری هەموومان پێکەوە شانبەشانی پێشمەرگە قارمانەکانی کوردستان پارێزگاری لە هەرێمەکەمان بکەین.

**فەخرەدین قادر عارف**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان**

**١٢–١٠–٢٠١٥**

(٢٢) – دەقی بەیاننامەی هەشت فراکسیۆنەکە سەبارەت بە ئیدانەی رێگری لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەداخەوە رووداوەکانی ئەمڕۆ (٢٠١٥/١٠/١٢) لە رێگری لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئامادەبوون لە تەلاری پەرلەمان ئاماژەیەکی مەترسیدارە کەلەگەل خەبات و قوربانیدانی میللەتەکەمان یەکناگرێتەوەو لێدانە لە شەرعیەتی پەرلەمان، لەکاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان بە سەرۆکی پەرلەمانیشەوە بەدەنگی هاولاتیانی کوردستان هەلبژێردراوەو متمانەی پێدراوە، پەرلەمان تاکە مەرجەعی یاسایی و سیاسی هەرێمی کوردستانە، پێویستە لایەنەکان بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆو دانوستاندن و کاری هاوبەش، چونکە هیچ لایەنێك بەتەنها خاوەنی هەرێمی کوردستان نیە.

ئیدانەی هەر هەوڵ و هەنگاوێك دەکەین ببێتە مایەی لێکترازانی زیاتری نێو ماڵی کوردستان و لایەنەکان، پشتگیری تەواوی داواکاری هاولاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین، وە بۆ چارەسەری گرفتە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێم و یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێوان لایەنەکان نابێ پەنا بۆ شێوازی نایاسایی و توندوتیژی ببرێت. ٢٠١٥/١٠/١٢

لەبەرامبەردا وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی رایگەیاند: زۆر هەوڵمان دا دۆخەکە نەگاتە ئەو ئاستە، بەڵام گۆڕان ناچاری کردین ئەو بڕیارە بدەین، بۆیە لەمەودوا (یوسف محەممەد) سەرۆکی پەرلەمان نییە و، کەسێکی دیکە دەکرێتە سەرۆکی پەرلەمان. [٢٣]

لیستەکانی (حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، ئاراستەی سێیەم، رافیدەین، گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری، پێشکەوتنی تورکمان، هەولێری تورکمان، گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان، ئەرمەن) هیچ قسەیەکیان لەم بارەیەوە نەکرد و هیچ هەلوێستێکیان بە فەرمی دەرنەبڕی.

ئەم رووداوە لە راگەیاندنە جیهانیەکاندا رەنگدانەوەی خراپی هەبوو گرنگییان پێی دابوو. لەوانە:

*–ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز لەو بارەیەوە نوسیویەتی "هێزە ئەمنییەکان رێگری لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەن بۆ چوونە نێو پایتەخت و ئەمەش لە گەرمەی ناسەقامگیری باری سیاسی ناوچەکەدا".

هەروەها نوسیویەتی: " سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رێگەی چوونە ناو پایتەختی پێنادرێت، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بزووتنەوەی گۆڕانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە هۆکاری سەرەکی توندوتیژییەکانی چەند رۆژی رابردووی باشووری کوردستانە و سەرۆکی پەرلەمانیش سەر بەو بزووتنەوەیەیە، بۆیە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە رێگری لێکراوە".

*–پێگەی (دەیلی مەیڵ)ی بەریتانیش لەم بارەیەوە هاتۆتە دەنگ و بارگرژی سیاسی نێوان لایەنە دەسەڵاتدارەکان بە هۆکاری سەرەکی ئەم رووداوە دەناسێنێت.

*–هاوکات ماڵپەڕی (Middleeast online) میدڵ ئیست ئۆنلاین ئاماژەی بەوە کردووە" بەهۆی ناسەقامگیری و ململانێ ناوخۆییەکانەوە پارتەکەی بارزانی داوای لە ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرانی سەر بە بزووتنەوەی

(٢٣) – (محەممەد عەلی یاسین) گوتەبێژی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاند: "زۆر هەوڵمان دا، دۆخەکە وای لێ نەیێت و، ئەگەرچی زۆریشمان بۆ هاتبوو، بەڵام ناچار ئەو بڕیارەمان دەربارەی بزووتنەوەی گۆڕان دا." گوتیشی، باشترین بژارە لای ئێمە کە پێشتریش زۆر هەوڵمان بۆی داوە، سازان و تەوافوقە و، لەسەر ئەو بنەمایەش حکوومەتی تەوافوقیمان پێك هێناوە و، بڕوامان بەوە هەبووە لەگەڵ برادەران، بە متمانەیەکی زۆرەوە لە حکوومەتدا کار بکەین، بەڵام ئەوەش نەکرا و سەری نەگرت لەگەڵ گۆڕاندا." دەیشڵێت: "گۆڕان هەولێکی زۆر دا، پێشێوی و ئاڵۆزییەکەی سنووری پارێزگای سلێمانی بگوازێتەوە بۆ هەولێرو، شوێنی دیکەیش و، ئێرەیش تێوە بگلێنن، بەڵام ڕێگەیان لێ گیرا و، کارەکەیان سەری نەگرت." باسی لەوەش کرد، ئەگەر پرسیار دەکرێت بە چ یاسایەك، (یوسف محەممەد) ڕێگەی هەولێری لێ دەگیرێت؟ ئێمەش دەپرسین ئەی بە چ یاسایەك گۆڕان گڕی بەردایە بارەگاکانی پارتی لە سلێمانی و، شوێنی دیکە و، سووتاندنیان؟" گوتەبێژی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەشی خستە ڕوو، پەرلەمان شەرعیەتەکەی هەر ماوە، بەڵام (یوسف محەممەد) ئیدی سەرۆکی پەرلەمان نییە و، سەرۆکێکی تازەی بۆ دیاری دەکرێت، ڕەنگە بە تەوافوقی لایەنەکانی دیکە بێت“ مادامەکینێ گۆڕان تەوافوقەکەی تێك دا، بەو پۆستانەدا دەچینەوە کە لە حکوومەت و پەرلەماندا هەیانە."

گۆڕان و ئۆپۆزیسیۆنی پێشووی هەرێمی کوردستان کردووه هەولێری پایتەختی هەرێمەکە بەجێبێڵن، هاوکات ڕێگەشیان نەداوه سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بچێتە ناو پایتەختی هەرێمەکەوه".

*–دەیلی ستار (Daily star) نوسیویەتی" بەهۆی دۆخی ئاڵۆزی هەرێمی کوردستان و ناسەقامگیری و توندوتیژییەکانی چەند رۆژی رابردووەوه هێزه ئەمنییەکان ڕێگەیان بە سەرۆکی پەرلەمان نەداوه کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە بچێتە ناو پایتەختی هەرێمی کوردستانەوه. ڕێگەنەدانی سەرۆکی پەرلەمانیش پەیوەندی بە رووداوەکانی چەند رۆژی پێشووتری هەرێمی کوردستانەوه هەیە کە تێیدا پارتی دیموکراتی کوردستان وەك یەکەمین هێزی هەرێمەکە بزووتنەوەی گۆڕان بە هۆکاری سەرەکی ئاڵۆزییەکان تۆمەتبار دەکات.

*–ئاژانسی هەواڵی (SKK NEWS) سکای نیوزی عەرەبی لە هەواڵێکی بەپەلەدا رایگەیاند:" ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کراوه کە بچێتە هەولێر و پەرلەمانی کوردستان و گەڕێنراوەتەوه سلێمانی، لە سلێمانیش سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە ئەوەی کراوه کودەتایە".

لەئەنجامی ئەم رووداوەی لە رۆژی (٢٠١٥/١٠/١٢) رویداو ڕێگرییەکانی دواتریش کران، پێشێلکاری یاسایی تەواو بەرامبەر بە پەرلەمان کراو بەتەواوی پەکی کارەکانی خرا، کە خۆی لە پێشێلکردنی بڕگەو ماددەکانی ئەم بڕیارو یاسایانەدا دەبینێتەوه:

### یەکەم: پێشێلکردنی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی پەرلەمانی کوردستان:

**مادەی یەکەم:** پەرلەمانی کوردستان–عیراق تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق.... (٢٤)

### دووەم: پێشێلکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان–عیراق:

**مادەی سی و نۆیەم:**

ئەندامی پەرلەمان، هەر راو بۆچونێك دەربڕێ، یان باسی هەر روداوێك بکات لەکاتی کارکردنی لە پەرلەماندا، بەرپرسیار نابێت. (٢٥)

---

(٢٤) – ئەم بڕیارەی پەرلەمان پێشێلکراوەو ڕێگری کراوه لەوەی کە (تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوری) بە ئەرکی خۆی هەلسێت، کەواتە ئێستا هەرێمی کوردستان هیچ مەرجەعێکی یاسایی و شەرعیی نەماوه.

(٢٥) – لەسەر رادەربڕین ئەندامی پەرلەمان هەیە رووبەڕووی هەڕەشەو لێدان بۆتەوه، ئەندامیش هەیە لەسەر بەدواداچوونی ئەرکەکانی سکالای لەسەر تۆمارکراوه، جگە لەوەی لە راگەیاندنەکان هەولّی ناو زڕاندنیان دراوه.

**مادەی چلەم:**

١–ناشێ هیچ ئەندامێك بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان بگیرێ بەهۆی هەر تاوانێك بێ لەماوەی بەستنی ئەنجومەندا، تەنیا لەو بارە نەبێ کە تاوانێکی لەدەست قەومابێ.

٢–نابێ هیچ کەسێك لە ئەندامان لەماوەی دەورەی بەستنی ئەنجومەندا بەهۆی هەر تاوانێکەوە بێ بگیرێ و بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکی پەرلەمان تەنیا لەو بارەدا نەبێ کە تاوانێکی لەدەست قەومابێ. (٢٦)

**مادەی چل و سێیەم:**

ئەندامێتی پەرلەمان لە یەکێ لەم بارانەی خوارەوە کۆتایی دێت:

١–کۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان یا هەڵوەشانەوەی.

٢–وازهێنانی ئەندام، لە ڕۆژی قبوڵکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی دەنگ کاری پێدەکرێ.

٣–ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی پالاوتنی بۆ ئەندامێتی پەرلەمان تێدا نەبوو، پەرلەمانیش بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکانی بڕیاری لەسەر بدات.

٤–ئامادە نەبوونی ئەندام لە سێ دانیشتنی لەسەر یەك بەبێ عوزری مەشروع.

٥–مردنی ئەندام. (٢٧)

**مادەی چل و پێنجەم:** ئەنجومەن لە هەولێر دەبەسترێ و دەشێ لەهەر شوێنێکی دی ببەسترێ کە پەرلەمان لەکاتی پێویستدا دەستنیشانی بکات. (٢٨)

**مادەی پەنجاو شەشەم:**

ئەرك و دەسەلاتەکانی پەرلەمان:

---

(٢٦) – ئەندامی پەرلەمان ڕێگری لێکراوە، لە بازگەی دێگەڵە لە (٢٠١٥/٨/١٥) ڕێگەیان نەدرا بچنەوە هەولێر، لە ڕۆژی (٢٠١٥/١٠/١٢) لە بازگەی پردێ ڕێگە لە سەرۆکی پەرلەمان گیرا و تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ڕێگەی پێنەدراوە بگەڕێتەوە هەولێر بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی.

(٢٧) – کاتێك ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان دەکرێت بچێتە پەرلەمان بەبێ ئەوەی هیچ کام لە بڕگەکانی ئەم مادەیەی بەسەردا جێبەجێ بێت، ئەمە پێشێلکارییە.

(٢٨) – بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان کاتێ لە دەرەوەی تەلاری خۆی کۆدەبێتەوە کەلەپەرلەمان بڕیاری لێ بدرێت، ئەمە لە کاتێك کە ئاسایی بێت. بەلام ئێستا ڕێگری لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی دەکرێت، کەواتە کۆبوونەوە دەچێتە دەرەوە وەك ساڵی ١٩٩٤ کە لە (دارەبەن) سازدرا. ئێستا دەبێ سەرۆك بچێتە پەرلەمان و ڕێگەی پێ نادرێت، کەواتە ئۆتۆماتیکی دەتوانێت بیباتە دەرەوە. بەلام بردنی کۆبوونەوە بۆ دەرەوە لە ئێستادا کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە.

پەرلەمان ئەم ئەرك و دەسەلاتانەی خوارەوە جێبەجێ دەكات:

١-یاسادانان.

٢-بڕیاردان لەسەر ڕێكەوتنەكان و یەكلاكردنەوەی كێشە چارەنوسسازەكانی گەلی كوردستان-عێراق، دیاریكردنی پێوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندی (مەركەزی).

٣-دەستنیشانكردنی سەرۆكی دەسەلاتی جێبەجێكردن، كە ئەویش دەسەلاتی دەستنیشانكردنی ئەندامانی دەسەلاتەكەی هەیە لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان یان كەسانی تردا.

٤-متمانەدان بە دەسەلاتی جێبەجێكردن، یان لێسەندنەوەی.

٥-بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی و پلانەكانی گەشەپێدان.

٦-چاودێری دانان لەسەر دەسەلاتی جێبەجێكردن.

٧-پێكهێنانی لیژنەی جۆربەجۆر بۆ لێكۆلینەوە لەهەر كاروبارێكی بیەوێ.

٨-دانانی پەیڕەوی ناوخۆی و دیاریكردنی میلاكات و بڕیاردان لەسەر بودجەكەی و دامەزراندنی كارمەندەكانی.

٩-پێكەوەنانی لیژنەی هەمیشەیی و كاتیەكان لە ئەندامانی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

١٠-دانانی ڕێسا (بنچینە) بۆ تۆمەتباركردن و دادگاییكردنی ئەندامەكانی، لەكاتی شكاندنی ئەو سوێندەی كە خواردوویانە.

١١-یەكلاكردنەوەی ئەو تانانەی كە پێشكەش كراون لەبارەی دروستیی هەڵبژاردنی ئەندامەكانی، ئەندامێتیش بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئامادەبووانەوە نەبێ، هەڵناوەشێتەوە. (٢٩)

## سێیەم: پێشێلكردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

**مادەی (١٦):**

١-لەحاڵەتی پێشكەشكردنی یەكێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆكایەتی دەست لەكار كێشانەوە لە پێگەكەیان ئەوا پاش ڕەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ژمارەی دەنگی ئامادەبووان قبوڵ دەكرێت.

---

(٢٩) - ئەم مادەیە بەتەواوی پێشێلكراوە، چونكە ڕێگری لە سەرۆكی پەرلەمان كراوە بچێتە پەرلەمان ئەركەكانی جێبەجێ بكات و دەسەلاتەكانی پیادە بكات، پرۆسەی یاسا دانان وەستاوە، ڕۆلی پەرلەمان پشتگوێ خراوە لە ڕێكەوتنە چارەنوسسازەكاندا و ڕۆلی پێنەدراوە، سێیەم ساڵە بودجەی گشتی بۆ پەرلەمان نەنێردراوەو گفتوگۆی لەسەر نەكراوە و هیچ قسەیەكی لەسەر نەكراوەو هیچ كۆبوونەوەیەكی تایبەتیشی بۆ ئەنجامنەدراوە، چاودێری دەسەلاتی جێبەجێكردن وەك پێویست نەكراوەو هیچ وەزیرێك لێپێچینەوەی لەگەڵ نەكراوە، لەو ڕووداو و پێشهاتانەی لە كوردستان هاتوونەتە كایەوە پەرلەمان لیژنەی تایبەتی بۆ پێكنەهێناوە، گەر پێكیشی هێنابێت بێئەنجام بووەو.....هتد.

٢–لەكاتی بەتاڵبوونی پێگەی سەرۆكی پەرلەمان یان جێگرەكەی یان سكرتێر لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەوا پەرلەمان لە یەكەم دانیشتنی گرێدراوی دوای بەتاڵبوونەكەوە بەهەمان رێگەی دەقكراو لەم پەیڕەوەدا جێگرەوەیەكیان بۆ هەڵدەبژێردرێت. [٣٠]

**مادەی (١٧):**

دەسەلات و ئەركەكانی سەرۆك:

سەرۆك ئەم دەسەلات و ئەركانەی خوارەوە پیادە دەكات:

١–پیادەكردنی یاساو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان. [٣١]

٢–كردنەوەی خول و دانیشتنەكانی پەرلەمان و سەرۆكایەتی كردن و كۆتایی پێهێنان و دواخستن و دیاریكردنی كاتەكانی. [٣٢]

٣–بەڕێوەبردنی گفتوگۆو پارێزگاریكردن لە رێكارییەكانی.

٤–گرتنەبەری رێ و شوێنی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و رێككاری ناو پەرلەمان و بۆی هەیە هێزی رێككاری گونجاو بۆ ئەم مەبەستە دیاری بكات و لەژێر فەرمانی ئەودا بن. [٣٣]

٥–واژۆكردنی كۆنوسەكان لەگەڵ هەردوو ئەندامەكەی تری دەستەی سەرۆكایەتی. [٣٤]

٦–هەڵسان بە سەرجەم ئەو شتانەی پەیوەستن بە پەرلەمانەوە لە رەفتارەكانی یاسایی و كاری كارگێڕی و دارایی و بۆی هەیە كەسانی تری ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتی بۆ ئەم مەبەستە راسپێرێت.

٧–واژۆكردنی سەرجەم نوسراوە فەرمیەكان لەگەڵ دەسەلاتی جێبەجێكردن و لایەنی تری ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

٨–واژۆكردنی سەرجەم ئەو نامەو هەواڵگرییانەی لە پەرلەمانەوە یان یەكێك لە لیژنەكانی دەردەچن پاش مۆركردنی بە مۆری خۆی.

٩–دڵنیابوون لە ژمارەی یاسایی بەهاوكاری هەردوو ئەندامەكەی تری دەستەی سەرۆكایەتی.

١٠–خستنەڕووی شت بۆ پەرلەمان تاوەكو دەنگی لەسەر بدرێت لەكاتی پێویستدا.

---

(٣٠) – بەبێئەوەی سەرۆكی پەرلەمان دەستی لەكار كێشابێتەوە رێگری لێكراوەو رێگەی پێنادرێت پیادەی ئەركەكانی بكات، بەبێ ئەوەی پشت بەهیچ مادەیەكی یاسایی بەسترابێت.

(٣١) –سەرۆكی پەرلەمان سەركەوتوو نەبووە لە پیادەكردنی یاساو پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەشێكی پەیوەندی بە پێكهاتەی پەرلەمان و بەشێكی رێگریی لێكراوەو بەشێكیشی پەیوەندی بە ئەدای سەرۆكایەتیەوە هەبووە.

(٣٢) – پێشێلكراوە، چونكە رێگری كراوە دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدرێت.

(٣٣) – پێشێلكراوە، چونكە ئەو هێزەی لەپەرلەمان و دەوروبەریەتی لەژێر فەرمان و كۆنترۆڵی سەرۆكی پەرلەماندا نەبووەو نیە.

(٣٤) – پرۆسەی كاری پەرلەمانی وەستاوە و كۆنوس نیە تا واژۆ بكرێت.

١١–سەرپەرشتیکردنی کاری لیژنەکانی پەرلەمان.
١٢–نوێنەرایەتی کردنی پەرلەمان لە ئاهەنگە نیشتمانیی و بۆنەکانی تر و بۆی هەیە کەسانی تر لە ئەندامەکان بۆ ئەم مەبەستە راسپێرێت.
١٣–دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیار و پەیڕەوانەی پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەریان دەربڕیوە.

**مادەی (١٨):**

دەسەلات و ئەرکەکانی جێگری سەرۆك:
جێگری سەرۆك ئەم دەسەلات و ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات:
١–پیادەکردنی سەرجەم دەسەلاتەکانی سەرۆك لەکاتی ئامادەنەبوونیدا، هەروەها دەکرێت سەرۆك هەندێك ئەرکی دیاریکراو بخاتە ئەستۆی.
٢–بەشداریکردن لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەرکەکانی وەك ئەندامێك تیایدا.
٣–بەدواداچوونی کاری لیژنەکان و پێشکەشکردنی راپۆرت دەربارەیان بۆ سەرۆك. (٣٥)

**مادەی (٢٠):**

دەستەی سەرۆکایەتی بەمانەی خوارەوە هەڵدەستێت: (٣٦)
١–ڕێکخستنی بەرنامەی کاری هەر دانیشتنێك لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و پێڕاگەیاندنی ئەندامەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ پرۆژەو پێشنیار و راپۆرتی بابەتی گفتوگۆکە بەلای کەم بەر لە دوو رۆژ لە کۆبوونەوەی پەرلەمان.
٢–تێڕوانین لە ناکۆکی تایبەتمەندی نێوان لیژنەکان دەربارەی ئەو پرسانەی بۆیان رەوانەکراوەو یەکلایی کردنەوەیان.
٣–دانانی ڕێسای تایبەت بە نوسینەوەی کۆنوسەکان و ڕێکخستنیان.
٤–خوێندنەوەی پوختەی کۆنووسی دوایین دانیشتنی پەرلەمان لە دانیشتنی دواتردا.

---

(٣٥) – ئەم مادەیەش پێشێلکراوە، چونکە جێگر وەك پێویست ناتوانێت دەسەلاتەکانی پیادە بکات، ئامادەنەبوونی سەرۆك بەخواستی خۆی یا بەپێی مادەیەکی یاسایی نیە و لەژێر ئیکراهدایە بۆیە جێگر ناتوانێت دەسەلاتەکانی ئەو پیادە بکات، جگە لەمە کاری جێگری پەرلەمان کۆبوونەوەی دەورییە بە لیژنەکان، هەرچەندە وادەی کۆبوونەوەی دەستنیشانکرد کە کۆبوونەوەیان پێبکات، بەلام بەهۆی ئەو بارودۆخەوە سەرۆکی لیژنەکانی سەر بە فراکسیۆنەکانی (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) ئامادەنەبوون بچنە کۆبوونەوەکەوەو بۆیە کۆبوونەوەکە نەکراو پەکی کارەکە کەوت.

(٣٦) – دەستەی سەرۆکایەتی کارەکانی پەکخراون و ناتوانێت بەم ئەرکانە هەلسێت.

**مادەی ( ٢١ ):**

دەستەی سەرۆکایەتی هەرکاتێك پێویست بێت کۆدەبێتەوە بەبانگهێشتی سەرۆك وە دەبێت کۆنوسی دانیشتنەکانی رێکبخات و ئەو بابەتانەی بۆی خراونەتە روو بیروڕاکان و بڕیارەکان و پاڵپشتەکانیان جێگیر بکات و ئەندامەکانی واژۆ دەکەن و لەگەڵ دۆکۆمێنتەکانی پەرلەمان دەپارێزرێن. [٣٧]

**مادەی ( ٢٦ ):**

ئەندام لەسەر ڕادەربڕین و ئەو ڕووداوانەی لەکاتی بەجێگەیاندنی کارەکانی لە پەرلەماندا لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت. [٣٨]

**مادەی ( ٢٧ ):**

١–ناکرێت هیچ ئەندامێك بەدواکەوتنی بۆ بکرێت یان بگیرێت بەهۆی تاوانێك لەکاتی خولەکانی گرێدراودا بەبێ مۆڵەتی پەرلەمان، تەنها لە حاڵەتی گرتن بە جینایەتەوە نەبێت. [٣٩]

٢–ناکرێت هیچ ئەندامێك بەدواکەوتنی بۆ بکرێت یان بگیرێت لەدەرەوەی خولەکانی گرێدراودا بەهۆی تاوانێك بەبێ مۆڵەتی سەرۆك تەنها لەحاڵەتی گرتن بە جینایەتەوە نەبێت.

٣–داواکردنی مۆڵەتەکە پێشکەشی سەرۆك دەکرێت لەو لایەنە دادگەرییەی پەیوەندیدارە، پاڵپشت بە پەڕاوەکانی ئەو کەیسەی داواکراوە رێکاری تیایدا بگرترێتەبەر.

٤–سەرۆك داواکاری ئاماژە پێکراو دەخاتە نێو بەرنامەی کارەکانی نزیکترین دانیشتن و دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات لەو حاڵەتانەی لە برگەی (١)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

٥–پەرلەمان ناڕوانێتە ئەم داواکارییە لەڕووی بوونی یان نەبوونی بەڵگەکانی تۆمەت بەڵکو دەڕوانێتە ڕاستەقینەی داواکە، بۆ هێنانەدی دادپەروەری یان تەڵەکبازی بەمەبەستی خراپەکاری بۆ ئەندام.

**مادەی ( ٣٠ ):**

کۆتایی هاتنی ئەندامێتی و لەدەستدانی[٤٠]

---

(٣٧) –کۆبوونەوەکانی ٢٠١٥/٦/٢٣ و ٢٠١٥/٨/١٩ دەسەلاتی سەرۆکی پەرلەمان بووەو بەپێی ئەم مادەیە پیادەی دەسەلاتەکانی خۆی کردووە.

(٣٨) – لەسەر ڕادەربڕین ئەندامی پەرلەمان هەیە ڕووبەڕووی هەڕەشەو لێدان بۆتەوە، ئەندامیش هەیە لەسەر بەدواداچوونی ئەرکەکانی سکالای لەسەر تۆمارکراوە، جگە لەوەی لە ڕاگەیاندنەکان هەوڵی ناو زڕاندنیان دراوە.

(٣٩) – ئەندامی پەرلەمان ڕێگری لێکراوە، لە بازگەی دێگەڵە لە (٢٠١٥/٨/١٥) ڕێگەیان نەدرا بچنەوە هەولێر، لە ڕۆژی (٢٠١٥/١٠/١٢) لە بازگەی پردێ ڕێگە لە سەرۆکی پەرلەمان گیرا و تا ئێستاشی لەگەلدابێت ڕێگەی پێنەدراوە بگەڕێتەوە هەولێر بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی.

أ–ئەندامێتی لە پەرلەمان لەم حاڵەتانەی خوارەوە کۆتایی پێدێت:

١–کۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان یان هەڵوەشانەوەی.

٢–مردن.

ب–ئەندام ئەندامێتی خۆی لە پەرلەماندا لەم حاڵەتانەی خوارەوە لەدەست دەدات:

١–دەستلەکارکێشانەوەی ئەندام و قبەڵکردنی.

٢–لەدەستدانی ئەندام بۆ مەرجێك لە مەرجەکانی خۆ کاندیدکردن بۆ ئەندامێتی و پەرلەمانیش ئەمە بڕیار دەدات بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئامادەبووان.

٣–ئامادە نەبوونی ئەندام لە سێ دانیشتنی یەك لەدووای یەك بەبێ پاساوی ڕەوا.

**مادەی ( ٣٣ ):**

ئەندام دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بە نوسراویی پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان دەکات و لەیەکەمین دانیشتن دەخوێنرێتەوە. [٤١]

**مادەی ( ٧٩ ):**

یەکەم:لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان. [٤٢]

دووەم: پرۆژە یاساکانی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی هەر ساڵێك هەر بە گەیشتنی ڕەوانەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری دەکرێت بۆ وردبینی و گفتوگۆکردن لە سەری. [٤٣]

**مادەی ( ٩١ ):**

١–پەرلەمان پاسەوانی تایبەتی دەبێت و دەکەونە بەر فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان.

٢–سەرۆك قەبارەی ئەو هێز و ژمارەی تاکەکانی دیاری دەکات کە بەتەواوی دەزانێت بۆ پاراستنی ڕێککاری و پاسەوانی لە پەرلەماندا.

٣–هێنانە ژوورەوەی چەکی ئاگریی یان بریندارکار بۆ ناو باڵەخانەی پەرلەمان قەدەغەیە.

٤–جگە لە پاسەوانی پەرلەمان، بۆ هیچ چەکدارێك یان هێزێکی چەکدار نیە بچنە نێو باڵەخانەی پەرلەمان و بۆشیان نیە لە نزیك دەرگاکانی بمێننەوە تەنها بە ڕەزامەندی سەرۆکەوە نەبێت. [٤٤]

---

(٤٠) – کاتێك ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان دەکرێت بچێتە پەرلەمان بەبێ ئەوەی هیچ کام لە برگەکانی ئەم مادەیەی بەسەردا جێبەجێ بێت، ئەمە پێشێلکارییە.

(٤١) – بەبێئەوەی سەرۆکی پەرلەمان دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بکرێت لە پۆستەکەی دوور دەخرێتەوە.

(٤٢) – بودجەی سێ ساڵی (٢٠١٤) و (٢٠١٥) و (٢٠١٦) ڕەوانەی پەرلەمان نەکراون.

(٤٣) – ژمێرەی کۆتایی چوار ساڵی (٢٠١٢) و (٢٠١٣) و (٢٠١٤) و (٢٠١٥) ڕەوانەی پەرلەمان نەکراون.

# تێبینییەکان لەسەر دوو مانگی کاری خولی پاییزەی پەرلەمان

## سالی ٢٠١٥

**یەك:** لە ماوەی ئەم خولەدا (٥) دانیشتنی ئاسایی ئەنجامدراوە، پەرلەمانی لە ئیشوکارەکانیدا وەك پێویست پابەندی پەیڕەوی ناوخۆی نەبووەو لەگەڵ شوێندا پێشێلی کردووە.

**دوو:** خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، کە تەمەنی نزیکەی ساڵێك دە مانگ دەبێت، تەنها (١٨) یاسای پەسەند کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١٥٥) پرۆژە یاسا کراوە.

**سێ:** تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون و لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ سەبارەت بە شێوازی فرۆشتن و داهاتی نەوت بکات و وردەکاریی گرێبەستەکانی نەخراوەتە بەردەست.[٤٥]

**چوار:** لەلایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمانەوە بەفەرمی داوای لێپرسینەوە (استجواب)ی چەند وەزیرێك کراوە، بەلام تا ئێستاش بۆ ئەم مەبەستە هیچ وەزیرێك لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە نەبووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت گوێڕایەڵی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان و ئیرادەی ئەو دەزگا شەرعیە بالایە نیە.[٤٦]

**پێنج:** تا ئێستا لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وەك پێویست بە ئەدای کاری خۆیان لە چاودێری حکومەت هەڵنەساون و بەدواداچوونی پێویستیان بۆ ئەو پرۆژانە نەکردووە کە بودجەیان بۆ دابینکرابوو لە سالانی رابردوو و تا ئێستاش بەردەوامن، هەرچەندە پێویستە دیوانی چاودێرییش بەدواداچوون بکات.

**شەش:** لەو (٥) کۆبوونەوەیەی پەرلەمان ئەنجامی داون، بە تێکڕا (١١٤) جار ئەندام لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نەبوون، (٩٨) ئەندام مۆڵەتیان وەرگرتووە و (١٦) ئەندامەش بێ مۆڵەت بەشداریان نەکردووەو نەچوونەتە کۆبوونەوەکانەوە.

---

(٤٤) – پێشێلکراوە، چونکە ئەو هێزەی لەپەرلەمان و دەوروبەریەتی لەژێر فەرمان و کۆنترۆڵی سەرۆکی پەرلەماندا نەبووەو نیە.

(٤٥) – لە مادەی (٤٢) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: ١–لیژنە بەردەوامەکان مافیان هەیە لەرێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگەی فەرمی و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو، پێشکەشیان بکرێت.

٢–ئەگەر ئەو لایەنانەی لەبڕگەی سەرەوە باسکراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنە بەردەوامەکان ئەو کاتە لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکرێتەوەو لە حالەتی وەلام نەدانەوەی داواکارییەکە لەماوەی پازدە رۆژدا بابەتەکە دەخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

(٤٦) – لەمادەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١–هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێکی دەسەلاتی جێبەجێکردن بپرسێنێت ئەوا پرساندنەکە بە شێوەیەکی نوسراو ئاراستە دەکات.

٢–سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکە دەگەیەنێتە دەسەلاتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و کاتی گفتوگۆکردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەلاتی جێبەجێکردنیش رازی بوو.

**حەوت:** لە ماوەی ئەو خولەدا تا ئێستا هیچ وەزیرێك نەچوونەتە پەرلەمانەوە.

**هەشت:** لە کۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان کراون کە بە تێکڕای پرۆژەکان لای سەرجەم لیژنەکان، (٣٦٢) پرۆژەن کە پێویستە لیژنەکان راپۆرتیان لەسەر بنوسن، بەلام تەنها (١١٧) راپۆرت لە لایەن کۆی لیژنەکانەوە نوسراون. واتە (٢٤٥) راپۆرت هێشتا نەنوسراون. ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە.

**نۆ:** لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا لیژنەکان (٣٣) کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە. لەو کۆبوونەوانەشدا (٥٤)جار ئەندامان ئامادە نەبوون.

**دە:** لەماوەی ئەو شەش مانگەدا پەرلەمان (١٨) یاسا و (٧) بڕیاری دەرکردووە.

**یانزە:** وەك تێبینی دەکرێت رۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست لەبەرچاو ناگیرێت و لە رووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەلام ئەوە نابینرێت.

**دووانزە:** بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی سالی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان-عیراق بۆ راپرسی، دەبوایە لە ماوەی سێ مانگدا لیژنەکە کارەکانی خۆی تەواو بکات، بەلام کاتەکەی تەواو بوو و کارەکانی تەواو نەکرد و لیژنەکەو کارەکانی بەهەلواسراوی ماونەتەوە بەبێئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە هیچ بڕیارێکی لێبدرێت.

# ئەنجام

ڕێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان و بڕیاری پەکخستنی پەرلەمان، ئەم ئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە.

١- پەرلەمانی کوردستان کە دەزگای بالای شەرعیی بڕیاری خەلکی کوردستانە، بەم هەنگاوانە شکۆی شکێنراوە و سوکایەتی پێکراوە کە ئەمەش سوکایەتیە بەسەرجەم خەلکی کوردستان.

٢- پەکخستنی پەرلەمان بەم شێوازە دەبێتە هۆی پاشەکشەی دیموکراسیەت و شەرعیەتی یاسایی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

٣- پەکخستنی پەرلەمان دەبێتە هۆی بێ متمانەیی خەلك بە پەرلەمان وەك بالاترین دەزگای هەرێم و باوەڕی نەمان بە دەنگدان و هەڵبژاردن.

٤- پرۆسەی دەرکردنی یاسا پەکی کەوتووە.

٥- پرۆسەی چاودێریکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن پەکی کەوتووە.

٦- پرۆسەی ناردنی بودجەی هەرێم ئەوە سێ ساڵە نەنێردراوەتە پەرلەمان.

٧- کۆبوونەوە و کاروبارەکانی لیژنەکانی پەرلەمان وەستاوە.

٨- پرسی دەستور کە یەکێکە لە پرسە گرنگەکان هەنگاوەکانی وەستێنراوەو بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. درێژکردنەوەی ماوەی لیژنەکە پێویستە بە ڕەزامەندی پەرلەمان.

٩- پرسی سەرۆکایەتی هەرێم کە هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکانی هەرێمە بە هەلپەسێردراوی ماوەتەوە.

١٠- پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت یەکێك لە هۆکاری قەیرانەکانە، لەکاتێکدا سندوقی داهاتە نەوتیەکان کە یاساکەی لە پەرلەمان پەسەندکراوە، بەلام پێکهێنانی ئەنجومەنەکەی و متمانەدان بە ئەندامەکانی لە پەرلەمان پەکخراوە.

١١- بڕیاری حکومەت بۆ پڕکردنەوەی شوێنی وەزیرەکان (باطل)ە، کاتێك پڕ دەکرێتەوە ئەگەر وەزیر نەمێنێ یا خۆی داوا بکات، بەلام ئەم بڕیارە لەژێر ئیکراهە، هەر بڕیارێکیش لەژێر ئیکراهدا بێت (باطل)ە ، (المبني على الباطل باطل). ئەمەش پێشێلکاریی یاسایە کراوە.

١٢- نادیدەگرتن و پشتگوێ خستنی ڕۆڵی پەرلەمان لەلایەن حزبەسیاسیەکانەوە، کە حیساب بۆ بڕیار و ڕا و ڕاسپاردەکانی نەکراوە بەتایبەت لەمەسەلەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمدا.

١٣- پەرلەمان لە ئاست لێپێچینەوە لە دەسەلاتی جێبەجێکردن لاواز بووە و لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی یا هیچ وەزیرێك بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ لێپێچینەوە.

١٤- جێبەجێ نەکردنی یاساو بڕیار و ڕاسپاردەکانی پەرلەمان لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێ کردنەوە.

١٥- هەوڵی ناوزراندنی پەرلەمان و پەرلەمانتاران لەلایەن دەزگا ڕاگەیاندنەکان بە گشتی و دەزگاکانی لایەنێکی سیاسی بەتایبەتی.

# پێشنیار و راسپاردەکان:

١- ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش ٢٠١٥/١٠/١٢.

٢- رێگە بە سەرۆکی پەرلەمان بدرێت بچێتەوە بۆ پەرلەمان، پەرلەمان دەست بە کاری ئاسایی خۆی بکاتەوە.

٣- سەرجەم لایەنەکان هەست بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی بکەن بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخەو کارکردن بە دەستە جەمعی، چونکە هەموفراکسیۆنەکان بەشدارن لە حکومەت و کەسیش ناتوانێ بەتەنها کار بکات و پێویستیان بە یەکتری هەیەو هیچ کامێکیشیان ناتوانن لەژێر باری بەرپرسیارێتی خۆیان بدزنەوە.

٤- فراکسیۆنەکان لەخۆبوردووانەتر کار بکەن و بەرژەوەندییە حزبیەکانیان بخەنە لاوەو لەئاست ئەرکەکانی ئەم قۆناغەدابن، کە قەیرانگەلێك بەرۆکی هەرێمی گرتووە.

٥- پەرلەمان زیاتر چاودێری ئیش و کارەکانی حکومەت بکات.

٦- لیژنەکانی پەرلەمان بە ئەرکی خۆیان هەلسن لە نوسینەوەی راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا و کۆبوونەوەی زیاتر بکەن.

٧- حزبەکانی کوردستان کە نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە، پشتگیری لە پەرلەمان بکەن وەك دامەزراوەیەکی نیشتیمانی لەپێناو دارشتنی یاساو چاودێری دەسەلاتی جێبەجێکردن، نەك نادیدەی بگرن و رۆڵی لەبەرچاو نەگرن و پەکی بخەن.

٨- لایەنە سیاسیە سەرەکیەکان لێك نزیك ببنەوەو هەرلایەو بەشێك لە سەقفی داواکاریەکانی بێتە خوارەوە بەمەبەستی سەرخستنی ئەو سازانەی باسیان دەکرد.

٩- پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بە یاسا چارەسەر بکرێت و ئەو بۆشاییە یاساییەی هەیە پڕبکرێتەوە، بەو مەرجەی پێشێلی یاسا نەکرێت و سیغەیەك بدۆزرێتەوە کە هەرێم لەو قەیرانە دەرباز بکات.

١٠- پەلە بکرێت لە نوسینەوەی رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان و کار بۆ ئەوە بکەن بخرێتە راپرسیەوە.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

## کورتەیەك لەسەر ئینستتیوت:

ئینستیتیوت لە ٢٠١٣/١١/٢٦ لە لایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) ئینستتیوتێکی زانستی کوردستانی، ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو لەهەموو بوار و ئاستەکاندا. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

## ئەو پرنسیپ و بەهایانەی ئینستتویت پێوە پابەندە برتییە لە:

١. پابەندبوون بە پەیماننامە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی و مرۆڤ .
٢. پابەندبوون بە دیموکراسی و رێزگرتن لە سەروەری یاسا.
٣. گەشەدان بەکاری خۆبەخشی و خێرخوازی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.
٤. پەیوەست بوون بە بێ لایەنی، شەفافیەت، سەربەخۆیی، و جیاوازی نەکردنی رەگەزی و دینی و نەتەوەیی.
٥. پاراستنی باڵانسی جێندەری، و پاراستنی تایبتمەندێتی و نهێنییە کەسییەکان.

## کورتەیەك لەسەر پرۆژەکانی ئینستیتیوت:

### ١- (پرۆژەی شەراکەتی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری رێکخراوە ناحکومیەکان جێبەجێکرا، هەوڵێك بوو بۆ پیادەکردنی بڕیاری ژمارەی (٥) ی ساڵی (٢٠١٣) ی پەرلەمانی کوردستان لەسەر (پەیمانی هاوبەشی و گشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان) ئەم پرۆژەیە لە (٤ وۆرك شۆپ+ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان+ کۆنفرانسێکی ٢ رۆژە) پێکهاتبوو .

### ٢- (پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە سەبارەت بەماوەی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانە، لەرێگای تیمێکی خۆبەخشەوە زانیاری و داتای پێویست کۆکراوەتەوە، راپۆرتی یەکەم لە (٢٠١٣/١١/٦ بۆ ٢٠١٤/١١/٦) ئەنجام دراوە، راپۆرتی دووەم و سێیەم ساڵی ٢٠١٥ بلاو کراوەتەوە.

### ٣- (ورك شۆپی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لەهەرێمی کوردستان :

ئەم پرۆژەیە وۆرك شۆپێکی هاوبەشی نێوان هەردوو رێکخراوی (هاوبەندی نێودەوڵەتی بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان و ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) بوو لەسەر کەم کردنەوەی واز هێنان لەخوێندنی لەهەرێمی کوردستان کە لە رۆژانی (١٨- ١٩ /٢٠١٤/٦) لە هەولێر بە ئامادەبوونی (١٢٠) کەس لە نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن بەرێوەچوو.

### ٤- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە :

ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لەراپۆرتێکی (١٠١) خاڵی لەسەر کێشەکانی پەروەردە و خوێندن لەهەرێمی کوردستان و لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئاراستەی وەزیری پەروەردە کرا بە ئامادەبوونی (٦٠) مامۆستاو سەرپەرشتیار و پسپۆڕی پەروەردەیی، لە ئەنجامدا بڕیاردرا بە دواداچوون زیاتر بکرێت و دوای ساڵێك دانیشتن بکرێتەوە و راپۆرت نوێ لەوبارەیەوە پێشکەش بکرێت، ئێستا کار لەسەر راپۆرتی دووەم دەکەین.

### ٥- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا :

ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە راپۆرتێکی (١٤٠) خاڵی لەسەر کێشەکانی خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان و لەگەڵا دەستپێکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا کرا بەئامادەبوونی (٨٠) مامۆستای زانکۆکان و نوێنەری رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن، لە ئەنجامدا بڕیاردرا بە دواداچوون زیاتر بکرێت و راپۆرتەکە بۆ سەرجەم زانکۆکان بنێردرێت بە مەبەستی بەدواداچوونی زیاتر ، ئێستا کار لەسەر راپۆرتی دووەم دەکەین.